## سکاڵانامەیەک لە کارمەندانی دەزگای گشتی هەرێم بۆکاروباری مین

بۆ / بەڕێزان .
•نوسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاك مسعودبارزانی
•نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕیز کاك نێچیرڤان بارزانی
•نوسینگەی سەرۆکی پارلەمانی کوردستان بەڕێز کاك عدنان موفتی
•نوسینگەی سەرۆکی دەزگای گشتی هەرێم بۆکاروباری مین بەڕێز کاك سیراج بارزانی
•نوسینگەی وڵاتەیەککرتوەکان UN لەکوردستان
•ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان
•دەزاگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان
•تەلەفزیۆنەکانی کوردستان TV و کوردسات TV و زاگرۆس TV
•ڕێکخەری کۆنفرانسی ئۆسلۆ بۆ حەرامکردنی مین بەڕێز جودی ویلیەمز
• ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی
•بەرپرسی لقی 10 ی پ. د. ك. بەڕێزکاك علی حسێن لە سۆران

---

## بابەت / سکاڵای کارمەندانی دەزگای گشتی هەرێم بۆکاروباری مین

ئێمە کەناومان هاوپێچە لەگەڵ ئەم سکاڵایە، ژمارەمان (430) کارمەند زیاترە بەگشتی، لە ساڵی 1998 وە ڕوبەڕوی مەترسیدارترین کار دەبینەوە ئەویش پاککردنەوەو لەناوبردنی مین و تەقەمەنییە لە کوردستان، کەویژدانی مرۆڤایەتی لەبەرامبەردا دەهەژێت، گەورەترین خزمەتمان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردوە لەکوردستان بە سەدان کێڵگەی مین وتەقەمەنیمان پاککردۆتەوە و هەزاران مین و پاشماوەی ترمان لەناوبردوە بە ملیۆنان مەترچوارگۆشەمان پاککردۆتەوە لەومەترسییەگەورەیە، مەترسی مین و تەقەمەنی سەدان جار کۆسپ و ڕێگربوە لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەو جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزاری و مرۆییەکان لەکوردستاندا، ئێمە گیانی خۆمان لەسەردەست داناوە و قوربانی زۆروزەبەلاحمان داوە و خاوەنی چەندین شەهید و بریندارو کەم ئەندامین لەوپێناوەدا، هەرکاتێکیش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی بەئێمە ڕاسپاردبێت بەخۆش حالییەوە جێبەجێمان کردوە بۆ نمونە چەندین جار داوامان لێکراوە کەبچین شوێنی هێڵی کارەبا + ئاو + تەلەفۆن +بیناکان + ڕێگاوبان وهتد . . پاك بکەینەوە لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم ناتوانێت پرۆژەکان جێبەجی بکات لەبەرمەترسی شوێنەکەو پیسبونی بە مین و تەقەمەنی، کوردستانی ئێمەش وەك زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕوبەڕوی ئەم کێشەیە بۆتەوە کەئەویش مەترسی مین تەقەمەنییە، بەلاّم لە هەموو ئەو وڵاتانەدا بە گرنگی و پربایەخەوە دەڕواننە مەترسییەکە کەچی لە کوردستانی ئێمەدا بەپێچەوانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەرژمێرییەك بکرێت بۆ شەهیدان و کەم ئەندامان و بەرکەوتوان و توش بوانی مین و تەقەمەنی زۆر کەمتر نییە لە ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی کە بۆ ئازادی و سەربەستی وڵاتی خۆیان خوێنیان کردوە بە قوربانی، ئێمەوەك کارمەندانی کوردی دەزگایگشتی هەرێم بۆکاروباریمین گەورەترین شەرەفمان پێشکەش بە حکومەتی هەرێمیکوردستان کرد کاتێك

بیرۆکەی خۆماڵیکردنی ڕێکخراوەکان هاتە ئاراوە لەدوای کشانەوەی نوسینگەکانی UN ئێمە تاکە ڕێکخراوبوین بەناوی (ئاراس) ی ئەوکات کە بەهۆیچاکی و لێهاتوی کارمەندانمان شەرەفی پێبەخشینی مۆڵەتی نێونەتەویی مان پی بەخشرا وەك ڕێکخراوێکی کوردی بتوانێت لەسەرسیستەمێکی نێودوڵەتی چالاکی مین پاکی بەڕێوەببات و شوێنی UNOPS بگرێتەوە بەڵام زۆربەداخەوە کورد گوتەنی (زێڕ لای زێڕینگەر بەقەدرە) ئێمەش دەڵێین پسپۆڕیو شارەزایی لای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەقەدرە، ، لەبەر ئەوەی هەر لەدووای خۆماڵی کردنی ڕێکخراوەکان ئێمە بارودۆخمان زۆر خراب بو هەموو ڕاتبەکانمان بەرێژەی لە 40% کەم کرانەوە و جەژنانەی ساڵانەمان لەسەر بڕا و کۆمەڵێك کارمەندی شارەزاو لێهاتومان دەرکرا و ساڵانە چەند مانگێك ڕاتبمان نادرێتی و لە ڕوی لۆستیکییەوە سەدان کەمو کوڕیمان بۆدروست دەکەن لەگەڵ ئەوە شدا ئێمە باش دەزانین کە حکومەتی هەرێم و دەزگای گشتی هەرێم بۆکاروباری مین توانایەکی زۆر و زەبەلاحی ماددیو لۆجیستیکی هەیە و ساڵانە بودجەی دیاری کراو بۆگشت بوارەکان بەتایبەتی بواری مین پاکی دابین دەکرێت و چەندین ڕێکخراوی بیانیش لەوبوارەدا ئامادەن هاوکاری پێشکەش بکەن و کردیتیان، ئێمە چاوەڕێمان لە حکومەتیهەرێمی کوردستان دەکرد لەگەڵ خۆماڵیکردنی ڕێکخراوەکاندا ببین بەخاوەنی هەموو ماف و خزمەتگوزارییەکان وەك پێشکەتوترین کادری مین پاکی بەکاربهێندرێن، پێمان خۆش نییە خۆزگە بۆبیانییەك بخوازین کە کەس نەیدەزانی چ ناسنامەیەکی هەیە و بڕی یەك مانگی ڕاتبەکەی بەرامبەر ڕاتبی (50) کارمەندی ئێستامان بو، کەچی ئێستاکە ئێمە کارەکانی ئەوان بەڕێوە دە بەین بە باشترین شێوە لەبەرامبەردا نزمترین ڕاتبمان 150، 000دینارە و بەرزترین ڕاتبیشمان ناگاتە 500، 000دیناری عێراقی، ئەویش بەکەمو کوڕیەوە.

ئیتر کێشەکە بەچەند لاپەڕەیەك کۆتایی نایەت، لەبەر ئەوەی داواکارین لەبەڕێزتان کە هاوکاری هەماهەنگیمان بکەن و ئەم داواکاریانەی خوارەوەمان بۆ جێبەجی بکەن □□.

1. ئێمە ئێستاکە وەك ڕێکخراوێکی ناحکومی نین بەڵکو ناومان بەم شێوێیەیە (حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی وەزیران دەزگای گشتی هەرێم بۆکاروباریمین بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سۆران) کەچی بەشێوەی گرێبەست کارمان پیدەکەم، ئێمەهیچیتر بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین بە گرێبەست کاربکەین.
2. ساڵی ڕابردوو 2005 مانگەکانی 1و2و3 موچەمان وەرنەگرتوە بی هیچ هۆیەك داوادەکەین بۆمان بگەرێتەوە قەرە بومان بکەنەوە بەهەمان ڕاتب بیکەم وکورتی.
3. ئەم ساڵ لە 2006/1/1 وە کارەکانمان بە بڕیاری سەرۆکی دەزگای گشتی هەرێم بۆکاروباری مین (سیراج بارزانی) ڕاگیراوە، پێیان گوتین مانگانە موچەی خۆتان وەردەگرن کەچی ئێستا پاشگەزبونەتەوە و پێمان دەڵێن موچەتان نادەینی، داوادەکەین بماندرێتی.
4. خزمەتی ساڵانەمان بۆ بژمێردرێت لە ڕۆژی دامەزراندنمانەوە لەدامو دەزاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
5. بکرێن بەکارمەندی دائیمیو ڕەسمی لە دەزگای گشتی هەرێم بۆکاروباری مین وەك ئەوکارمەندانەی کەلەسەرهەمان دەزگان بەڕەسمی بۆنمونە لەسەرۆکی دەزگا بەرەو خوار تا دە گاتە بەرپرسی چالاکییەکان هەموویان کارمەندی ڕەسمین بەڵام بەرەو خوارتر بەشێوەی گرێبەستی کاتی کارمان پیدەکەن بۆ؟.
6. ختورەمان بدرێتی و موچەمان زیاد بکرێت لە بەرئەوەی مەترسی دارترین کاردەکەین لەسەرئاستی جیهان و نێوخۆیی.

7. پیروپەککەوتەکانمان خانەنشین بکرێن بەموچەیەك کە بەشیخۆیان و خێزانیان بکات.
8. شەهیدانمان لەدەزگای شەهید تۆماربکەن و ناو نوسیان بکەن بەرێزەوە یان بەشێك بکرێتەوە بەناوی شەهیدانی مین و تەقەمەنی لە دەزگای شەهید.
9. لەکاتی بەرکەوتنی کارمەندانمان بە کارەساتی مین تەقەمەنی و هەرجۆرە ڕوداوێکیتر حکومەتی هەرێم (بیمە) مان بکات، چیتر خۆمان کۆمەك و هاوکاری بۆیەکتری کۆنەکەینەوە چونکە ڕاتبەکەمان بەشی ئەوەناکات.
10. هاوکاری ویارمەتییەکانی بۆنەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان شمولمان بکات و بماندرێتی کە تائێستاکە وەرمان نەگرتوە.
11. سلفەی (عقاری) مان بدرێتی وەك هەموو کارمەندانی تری حکومەتی هەرێم.
12. زەویمان بەسەر دا بەش بکرێت وەك کارمەندانی تری بەرێوبەرایەتییەکان کە تائێستاکە خاوەنی بستێك زەوی نین لەو خاکەی خۆمانی بۆدەکەینەقوربانی.
13. لەوەرزی زستانانداا لە جیاتی ڕاگرتنی چالاکییەکاندا دەمانەوی لە شوێنی تر کاربکەین، وەك هێڵی 36 و دەوروبەری، یان کۆڕس و ڕاهێنان و پێداچونەوە بکرێت بۆمەبەستی زیاتر شارەزایی و پێشکەش کردنی خزمەتی چاکتر.
14. کارمەندە شارەزاو لێهاتوەکانمان بنێردرێنە دەرەوە و بەژداری کۆنفرانس و ئاڵ و گۆرکردنی زانیاری زیاتر ببن لەسەر ئاستی جیهان وەك بوارەکانیتری حکومەتی هەرێم، نمونەشمان هەبوە لەپێش جەژنی ڕەمەزان بەچەند ڕۆژێك برادەرێکمان بەناوی (بۆیە کاسپێر) وەك سەرپەرشتی کار لەگەڵ ڕێکخراوێکی
(NGO ی نێودوڵەتی) لەسودان کاری دەکرد، بەداخەوە تیرۆر کرا وەك کوردێك، هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندنی نێوخۆیی باسی نەکرد.
15. پەرەبەچالاکییەکانمان بدرێت لە بوارەکانی کاری دەستیو میکانیکیو تەکنیکی و تەکنەلۆژیای سەردەم.
16. کۆنفرانسێك ببەسترێت و ڕێك بخرێت بۆ بەگژداچونەوەی مەترسییەکانی مین و تەقەمەنی لەکوردستان و جیهاندا بە بانگهێشت کردنی پسپۆڕانی نێوخۆیی و نێونەتەویی لە شاری هەولێری پایتەخت میوانداری بکرێن.

لەگەڵ ڕێزماندا

تێبینی.:

• ئەگەرئەوداواکارییانەمان بۆجێبەجینەکرێن لەبەردەم پارلەمانی کوردستان مان دەگرین.

2006/1/15